سودانی و شازادەی جێنشینی سعودیە تاوتوێی پێشهاتەکانی بارودۆخی ناوچەکەیان کرد

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان ئال سعود تاوتوێی پێشهاتەکانی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە و کاردانەوە گشتییەکانی کرد لەسەر سەقامگیری هەرەمی و نوودوومەتی.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردووە:-لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا هەردوولا ئاوڕگەی بیروڕا و گفتوگۆی هاوبەشیان کرد سەبارەت بە ڕێگاکانی خۆ بەدوورگرتن لە فراوانبوونی ململانێکان و هەوڵەکان بە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر گرنگی گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بە ڕێگریکردن لە خراپتربوونی دۆخەکە و پێویستی ڕاگرتنی هەرشەکانی دژ بە گەلی فەلەستینمان لە غەززە.